# شەونم

هۆنراوەی (63)

خوشا شیراز و وضع بی مثالش

چ خۆشە شاری شیراز و مەحاڵی
خودا لادەی لە ئافات و زەواڵی
لە روکناوایەکەی سەدئافەرین بێ
دەبەخشێ ئاوی ژین چاوەی زوڵاڵی
لە نێوان جەعفەرئاباد و موسەللا
دەڵێی عەتر و عەبیرە بای شەماڵی
وەرە شیراز و خوڵقی خۆش و چاکەت
بوێ لەو میللەتی خاوەن کەماڵی
کەسێ لەو شارە نێوی قەندی بێنێ
خەجاڵەت بوون بە ئەستۆی خۆی وەباڵی
سەبا! لەو دڵبەری چاومەست و شۆخە
چ ئاگات لێیە ئاخۆ چۆنە حاڵی
لەخەو هەرگیز هەڵم مەستێنە توخوا
لەخەڵوەت دام لەگەڵ خەون و خەیاڵی
ئەگەر ئەو گەنجە خوێنیشم بڕێژێ
بڵێ وەک شیری دایک بێ حەڵاڵی
نەهێز و تاقەتی دووریتە حافز
نەدەشکەی شوکری ماچی لێوی ئاڵی

حافزی حەقیقی